www.kurdistannet.org

# حەسەنی قزڵجی
# بڵند گۆیەکی راستبێژ

**حەمە سەعید حەسەن**
**(سوید)**

ئەم باسە تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لە (پێکەنینی گەدا)ی (حەسەنی قزڵجی) کە لە چواردە کورتە چیرۆک پێکهاتووەو لەساڵی (١٩٧٢)دا بنکەی پێشەوا بڵاوی کردووەتەوەو (هێمن) پێشەکی بۆ نووسیوە.

ئەگەرچی هیچ کام لە چیرۆکەکان مێژووی نووسینیان دیاری نەکراوە، بەڵام ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی چیرۆکی کوردیدا هەبێ، ئەوە دەزانێ کەلە دەوروبەری ساڵانی پەنجاو لەوە بەدوا نووسراون.

ئەوەی سەبارەت بە مێژووی چیرۆکی کوردی بنووسێ، ناتوانێ شان بەشانی بەرهەمی چیرۆکنووسە ناسراوەکانی کورد، باسی بەرهەمی (حەسەنی قزڵجی)ش نەکات. چیرۆکی کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانیدا رێبازی ریالیزمی گرتووەتە بەر، رووباری چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا)ش، هەر دەڕژێتە دەریای ریالیزمەوە. (حەسەنی قزڵجی)ش وەک هەموو نووسەرێکی دی لە سفرەوە دەستی پێ نەکردووە، پێش ئەو گەلێ رێبواری دی رێچکەیان شکاندووە، بەڵام گرنگە ئەوە لەیاد نەچێ، قزڵجی توانیویەتی جیهانێکی تایبەتی بەخۆی بخولقێنێ و خاوەنی دەنگ و رەنگ و سیمای خۆی بێ.

قزڵجی یەکێکە لە رێبوارە ناسراوەکانی چیرۆکی کوردی، ئەمە ئەگەر هەموو کوردستان لەبەرچاو بگرین، بەڵام لەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا، لەگەڵ (د. رەحیمی قازی)دا دوو بەدوو، دوو لوتکە هەڵکشاوەکەی چیرۆکی کوردین. ئەگەر بەگشتی سەرنجی کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدا بدەین، دەگەینە ئەو سەر ئەنجامەی کە کرۆکی سەراپای چیرۆکەکان، چەپکێک تیشک دەخاتە سەر یەک مەسەلەی سەرەکی. بەچڕی دەتوانین بڵێین: قزڵجی پەردە لەسەر ئەو چەوسانەوەیە هەڵدەداتەوە کە مرۆڤی بەدەست مرۆڤەوە تووشی هاتووەو «سەرو بنی قسەی باس لەو سووکایەتییەیە کە دەرهەق ئینسان دەکرێ و دەیەوێ تۆڵە لەوانە بکرێتەوە کە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانییان بەو سووکایەتی بە ئینسان کردنەوە بەندە» (١) قزڵجی ئەو راستییە دەڵێتەوە کە سامان خولقێنەری ستەمە، ئەوانەی خاوەنی سەرمایە بن، ئیدی هەر کەسێ بن، خەڵکە بندەستەکەی خۆیان بە هەموو شێوەیەک دەڕەتێنن. چیرۆکنووس دەزانێ دامودەزگای دەوڵەت کوتەکی دەستی چینی دەسەڵاتدارە، بە قووڵی دەرکی بەوە کردووە کە خەڵکی کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردەواری کەوتوونە دوو سەنگەری دژ بەیەکەوە، خاوەنی دیوەخان و تەکێ، بازرگانان و باڵادەستانی سەر بە دەوڵەت سەنگەری بەرامبەریان لە سەراپای چەوساوەکانی لادێ و شار گرتووەو بۆ دۆشینیان هەموو رێگەیەکی ناپیرۆزیان گرتۆتە بەر.

ناوەرۆکی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا، رەنگدانەوەی ململانێی ناو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی فیودالین. بۆ ئەوەی زێتر بچینە ناو جیهانی چیرۆکنووسەوە، لە چەند دەروازەیەک دەدەین و بەپێی توانا بەرەو ناخی بابەتەکان رێ دەگرینە بەرو لە دیوی ناوەوە سەرنجی بەرهەمی قەڵەمە بە بڕشت و فیکرە رۆشنەکەی قزڵجی دەدەین.

ئەمە رێسایەکی کۆمەڵایەتییە، لەهەموو کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا رۆژ لەدوای رۆژ سامانی دەوڵەمەندان و کوێرەوەریی هەژاران روو لە هەورازن، دوو چینە سەرەکییەکەی ناو کۆمەڵگەی فیودالی، جووتیاران و خاوەن موڵکەکانن، بەڵام هەمان کۆمەڵگە گەلێ توێژو دەستەی دیشی تێدایە، وەک جووتیاری دەوڵەمەند، سەپان، پاڵە، وەرزێر، شوان... کرۆکی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیودالی لە موڵکانەدا بەرجەستە دەبێ.

جووتیار بە درێژایی ساڵ بە خاوو خێزانەوە رەنج دەدات، ئەوی لەبەر قرچەی هەتاودا بەرهەمی دێنێ، ئاغای حەساوەی سایەی سێبەر پارووی لێ دەگلێنێ.

موڵکانە کەلێنێکی گەورە دەخاتە دەستکەوتی جووتیارەوە، ئەمە کارێک دەکات، ئەوی بەرهەمی هێناوە بەشی خۆراک و پۆشاکی ساڵێکی نەکات و بکەوێتە ژێر باری سەختی قەرزەوەو هێدی هێدی وای لێ بێت دەستبەرداری هەموو دەستمایە گەورەو گچکەکانی ببێت و وەک سڵقی رووتی لێ بێت و بەهیوای دەسکەوتنی نان لەجێیەکی دیدا، سەری خۆی هەڵبگرێ.

جووتیار کەم جار رێی دەکەوێتە شار، کە بۆ یەکەمین جار شار دەبینێ، تووشی سەرسوڕمان دەبێ، چونکە دیوی دەرەوەی شتەکان دەبینێ، وا هەستدەکات تاڤگەی خێرو بێر بەسەر شاردا رژاوەو نان پەیدا کردن تێیدا گەلێ ئاسانترە وەک لە کوێرە

www.kurdistannet.org

دێیەکدا. دەزانێ خەڵکی شار بە کشتوکاڵەوە خەریک نین و ئاغاو گزیر مۆتەکە ئاسا دەستیان لە بینی خەڵکەکەی گیر نەکردووە، بۆیە هەر کە بێ دەرامەتی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و جێبەجێ کردنی بێگارە زۆرو زەبەندەکانی ئاغا بێزاری دەکەن، هەرچی هەیەو نییە لەیەک دوو گوێدرێژی بار دەکات و ڕێگەی نزیکترین شار دەگرێتە بەر.

لە چیرۆکی- پێکەنینی گەدا-دا حەمە ڕەش جووتیارێکی تەپەڕەشییە؛ هەرچی دەرگاکانی ژیانە بە روویدا دادەخرێ و برسێتی بە جۆرێ شالاوی بۆ دێنێ «... خۆری لێ دەبێتە کولێرە». نزیکترین شار لە گوندەکەیەوە هەڵەبجەیە، ئەویش بەهیوای کرێکاری رووی تێدەکات. لەبەر ئەوەی سەرەڕای پیریی، برسێتیش تەواو بڕستی لێ بڕیوە، کاری دەستگیر نابێ.

هەندێک دڵیان پێی دەسووتێ و دەیانەوێ خێری پێ بکەن، بەڵام حەمەڕەش بۆ کارکردن هاتووە نەک دەرۆزە. سەرەتا دەست بۆ خێر وەرگرتن درێژ ناکات بەڵام «کە ئاگری برسێتی بڵێسەی سەند، ئازاو خوێڕی وەک یەک دەسوتێنێ،» ئیدی حەمەڕەش ڕۆژانە گەدایی دەکات و توونی گەرماوێکیش دەبێتە جێگەی پشووی شەوانەی.

هەباسی قارەمانی چیرۆکی «شەهیدی زوڵمە» کە ئەویش برسێتی ناچاری کۆچی بەرەو شاری دەکات، دووچاری چارەنووسێکی گەلێ ڕەشتر لەوی حەمەڕەش دەبێ. هەباس یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی ژاوەڕۆی کوردستانی بن دەستی ئێران بەجێ دەهێڵێ و لە کوردستانی ژێر چنگی عێراقدا دەگیرسێتەوە. هەباس نەک هەر کاری چنگ ناکەوێ بەڵکو لەترسی ئەوەی نەک بە تاوانی بەزاندنی سنوور دووچاری زیندان بێ، شار بەجێ دەهێڵێ و دواتر تەرمەکەی لە کەناری شاردا دەدۆزرێتەوە.

ئینسان تەنیا بە نان ناژی، کەچی گڕی ئەو دۆزەخەی چەوسێنەران بۆ هەژارانیان خۆش کردووە، کارێکی کردووە هەموو ئاواتی هەژاران لە دابینکردنی ناندا خۆی ببینێتەوەو نانیش لە گەرووی شێر دابێ.

چەوساوەکان لە هەموو خۆشییەکی ژیان بێبەری کراون، نانیشیان چنگ ناکەوێ، چ ژیانێکی پووچەو بێ بایەخ، مرۆڤ هەموو ژیانی خۆی بکاتە خۆراکی نەهەنگی نان پەیدا کردن. لوتکەی کارەسات ئەوەیە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە برساندا نەمرێت، هەموو ژیانی ببەخشێت.

قارەمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە چیرۆکدا وازی دەکات، نووسەری بەدەسەلات بەجۆرێ بەناخی قارەمانەکەیدا شۆڕ دەبێتەوەو رووناکی دەخاتە سەر بیرو لێکدانەوەی، کە خوێنەر هەست دەکات رووبەڕووی ژیانێکی ڕاستەقینە بووەتەوەو ئەوی چیرۆکنووس باسی لێ کردووە ژیانە بە هەموو لایەنەکانییەوەو قارەمانی چیرۆکەکەش مرۆڤێکی زیندووەو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەڵدەسووڕێ. ڕاستە چیرۆکنووس بڕیار لەسەر هەڵسوکەوت و ژیان و چارەنووسی قارەمانی چیرۆکەکەی دەدات، بەڵام نووسەری وریا ژیان سەرچاوەی داهێنانەکانیەتی و قارەمانەکەی وەک مرۆڤێکی ڕاستەقینە هەڵدەسووڕێنێ، بەمەش متمانەی خوێنەر مسۆگەر دەکات.

ئەوی شارەزای کۆمەڵگای کوردەواری بێت و لە نزیکەوە جووتیاری کورد بناسێت، هەست دەکا قزڵجی زیرەکانە بە ناخی جووتیاردا شۆڕبووەتەوەو هونەرمەندانە بیرو خولیاو لێکدانەوەو ئاوات و ئازاری جووتیاری کوردی وێنە کێشاوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە چیرۆکنووس لەگەڵ ئازارو ئاواتی جووتیاراندا ژیاوە. بەڵام ژیان بەمانا رووکەشەکەی نا، بەڵکو ژیانێکی ڕاستەقینە. لە دوورەوە سەرنجی جووتیارانی نەداوە، بەڵکو شانی داوەتە ژێر خەمەکانیان و لە پێناوی هیواکانیاندا ڕەنجی کێشاوەو تەمەنی لە پێناوی ئاسوودەییاندا بەخشیوە.

قزڵجی وەک چۆن جووتیاری کوردی، بە قسەو گفتارییەوە، بە هەڵسوکەوت و ڕەفتارییەوە، بەناخی دەروون و بیرو لێکدانەوەیەوە، هێناوەتە ناو جیهانی چیرۆکەکانییەوە، بەهەمان وریاییەوە بەگ و ئاغاشی هێناوەتە گفتارو ڕەفتار. نەهاتووە لە دیوی دەرەوە وێنەی ئاغا بکێشێ و تەنیا باسی پۆشاک و باڵاو ڕوخساری بکات. یان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژی بوەستێتەوە، بەڵکو ئاغای بە زرپ و زیندوویی لە هەموو لایەن و رووەکانییەوە وەک خۆی نیشان داوە.

یەکێ لە خەسڵەتەکانی شێوازی نووسینی قزڵجی پەنابردنە بەر گاڵتەجاڕییە، بەڵام گاڵتەجاڕی لە پێناوی گاڵتەجاڕیدا نا، بەڵکو دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە دەمامک لەسەر ڕوخساری دزێوی ئاغا لابدات و ناخی لێخنی بخاتە روو.

قۆناغی فیودالیش قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ڕەوتی مێژوو دیوەخانی ئاغا هەڵدەتەکێنێ و دەسەڵاتی لێ دەسێنێتەوە.

حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکی «بیهێنە ئەمما ناوی مەبە»دا، رووناکی هاوێشتووەتە سەر ژیانی ڕۆژانەی ئاغایەک، کە وەک ئاغا لە گیانەڵادایەو بەر زەبری شەقی کوشندەی مێژوو کەوتووەو لەهیچ روویەکەوە دەسەڵاتی نەماوە، بەڵام وەک رووکەش دان بەو بارودۆخە نوێیەدا نانێت و دەیەوێ هەر ڕۆڵی ئاغا وازی بکات و درێژە بە تەمەنی ئاغایانەی بدات.

چیرۆکنووس لێزانانە لە ڕێگەی دیمەنێکی کاریکاتێرییەوە کۆتایی بە ژیانی ئاغایانەی قارەمانەکەی و چیرۆکەکەی هێناوە، کاتێ بارودۆخێکی وای خوڵقاندووە، مەجید بەگ لەتاو سەرما جلی ئێسترەکەی بەخۆیدا بدات.

لە چیرۆکی «ئاغا و جاغی ڕۆشنە»شدا، ڕەشیداغا هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ بە زەبرو زەنگە، لە بەفری نەباریو ڕاوە کەروێشک دەکات و کەروێشکی ماڵیی لێ دەبێتە کێوی.

حەسەنی قزڵجی بە جۆرێک شارەزای تەواوی لایەنەکانی ژیانی گوندەکانی کوردستان بووە، لە داهاتوودا ئەوی بیەوێ سەبارەت بە قۆناغی فیودالیزم لە کوردستاندا بنووسێ، دەتوانێ وەک سەرچاوەیەکی گرنگ سوود لە چیرۆکەکانی وەربگرێ. پلیخانۆف وتوویەتی: «ئەوی مەبەستی بێت لە سایکۆلۆژیای کرێکارانی روس تێ بگا، دەبێ بەرهەمەکانی گۆرگی بەسەر بکاتەوە.» منیش پێموایە ئەوی سەبارەت ناخی دەروون و بیرو بۆچوون و ڕەفتاری جووتیارو ئاغاو بازرگانی کورد شارەزایی پەیدا بکات، دەبێ بەرهەمی حەسەنی قزڵجی بخوێنێتەوە.

لە چیرۆکی «عادەتی بازاڕ»دا، نووسەر دەچێتە قووڵایی

www.kurdistannet.org

خانێکەوەو پەردە لەسەر بیرو ڕەفتاری خاوەنی خانەکە لادەدات. خاوەنی خان بۆ بڕینی دەستی جووتیاران، پەنا دەباتە بەر دەیان ساختەو فێڵ و کەڵەک. شکسپیر وا ناسراوە، لەدوای خوا گەورەترین خوڵقێنەرە، چونکە قارەمانانی شانۆنامە ناودارەکانی وەک کەسانی ناسراوی ڕاستەقینە لە یادی خوێنەردا دەژین. (قزڵجی)ش خاوەنی خانەکەی وەک کەسێکی ڕاستەقینە خوڵقاندووەو ئەوی چیرۆکی «عادەتی بازاڕ»ی خوێندبێتەوە، نەک هەر ئەو قارەمانەی لەیاد ناچێتەوە، بەڵکو وا هەست دەکات ناسیویەتی و چەندین جار ڕێی کەوتووەتە خانەکەی! ئەگەر خوڵقاندنی قارەمانێکی نەمر لە ڕۆمانێک، یان شانۆ نامەیەکدا داهێنانێکی گەورە بێ، ئەوا خوڵقاندنی قارەمانی لەو جۆرە لە کورتە چیرۆکدا داهێنانێکی گەلێ مەزنترە، چونکە کورتە چیرۆک مەودای گەلێ بەرتەسکترەو چیرۆکنووس بواری ئەوەی نییە لە هەموو گۆشەیەکەوە وێنەی قارەمانەکەی بگرێ.

قزڵجی چەند زیرەکانە دیوی ناوەوەی قارەمانەکەی دەخاتە ڕوو، ئەوەندەش لێزانانە لە دیوی دەرەوە وێنەی دەگرێ: «... تا ئەوکاتە بە وردی سەرنجی سەروگوێلاکی ئەفەندیم نەدابوو، بەڕاستی مشکی سەر خەزێنەم بیرکەوتەوە. سەرێکی گرمۆڵە، دوو چاوی بچکۆلە و زیت، لووتێکی باریک، دەمێکی درێژ، پێستێکی وەک کۆنە و مەشکە.... (٢)».

حاجی عەلی قارەمانی چیرۆکی «سەرفیترە»، یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی شار، سەری بچێ نوێژی ناچێ، بەڵام فلسێ دایکێتی و فلسێکی دی باوکی، هیچی لە بیرناچێ، مێشکی کۆمپیوتەرێکە بۆ خۆی، کە پێوەندی بە پارەوە هەبێ. نموونەیەکی زیندووی بازرگانی کۆمەڵگای کوردەوارییە.

قزڵجی توانیویەتی لەڕێی ناساندنی ئەم نموونەیەوە، تەم لەسەر ڕوخساری مانگی ئەو ڕاستییە لاببات، کە دەوڵەمەندی ئابڕوومەند تەنیا ئەفسانەیەو هیچی دی. کەس نییە دزی نەکردبێ و دەوڵەمەند بوو بێ، کەس نییە بەری ڕەنج و ئارەقە و بیری کەسانی دی زەوت نەکردبێ و سەرمایەی پێکەوە نابێ. نووسەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێ: هەموو دەوڵەمەندێک چەوسێنەرە؛ ساختەچییە، ڕاستیشی وتووە.

«سەرمایە هەرچەند زۆریش بێ، هەر فلس فلسە کەوتۆتە سەریەک، هەموو فلسێک لە دەفتەردا جێگەی خۆی هەیە،» ئەمە بیرکردنەوەی حاجی عەلی و هەموو دەوڵەمەندێکی دییە، ناشێ مرۆڤ دەوڵەمەند بێ و وا بیر نەکاتەوە، دەوڵەمەند بێ و چرووک و بەرچاو تەنگ نەبێ.

ڕاستە قزڵجی قینێکی ئەستووری لەچەوسێنەرانە، بەڵام نەهاتووە جوێن بارانی دەوڵەمەندان بکات و ناوو ناتۆرەیان لێ بنێ، بەڵکو وەک نووسەرێکی دەست ڕەنگین لە ڕێی نیشاندانی بیرکرنەوەو ڕەفتاری ڕۆژانەیانەوە توانیویەتی زەلکاوی ناخیان دەربخات و دەستەکەیان بخاتە ڕوو.

لە کۆمەڵگەی فیودالی کوردەواریدا، ئاغاو بازرگان بە پشتگیریی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت، توانیویانە سواری سەری چەوساوەکانی لادێ و شار ببن و بەری ڕەنجیان بدزن، بەڵام هەموو کۆمەڵگەیەکی فرەچین شانۆی ململانێی چینایەتییە، چین و توێژە چەوساوەکان هەمیشە ڕۆڵی مەڕیان وازی نەکردووەو زۆرجار ملیان لە چەقۆ یاخی بووەو بەگژ زۆرداراندا چوونەتەوەو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان نواندووە. لە چیرۆکی «عادەتی بازاڕ»دا ئەوی میرزایی بەردەستی خاوەن خانەکە دەکات، سەری قایلبوون بۆ ساختە و کەڵەکەکانی خاوەن کارەکەی نالەقێنێ و بە گژیدا دەچێتەوەو لە ناهەقی بێدەنگ نابێ و لایەنی جووتیارە هەژارەکە دەگرێ.

کرۆکی سەرمایەی مارکس- وەک لۆکاش دەڵێ (باس لە نامۆبوونی مرۆڤ، لە سایەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، دەکات.) میرزای بەردەستی خانچیش هەست دەکات ئەگەر دوای نەریتی باوی بازاڕ بکەوێ. لە مرۆڤایەتی دەکەوێ، بۆیە یاخیبوون هەڵدەبژێرێ. دەستوێڤسکی لە ڕۆمانی (قومارچی)دا دەڵێ: «مرۆڤ لە هەموو هەل و مەرجێکدا دەتوانێ پارێزگاری ئابڕووی خۆی بکات.» قزڵجیش میرزای وەک مرۆڤ، بە هەموو مانای قووڵی وشەکە نیشان داوە.

لە «کەشکۆڵی جادوویی»دا قزڵجی باس لە گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوونی ئینسان دەکات و قارەمانە ئەفسانییەکەی دەیەوێ وەیسەی سەپان تێبگەیەنێ کە مێژوو بە هەنگاوی گورج و درێژ ڕووەو پێشەوە مل دەنێت و لافاوی گۆڕان دیاردە کۆنەکان ڕادەماڵێ: «ئاخر وەیسە بەرخ هەمیشە لەژێر سەوەتەدا نابێ».

نووسەر پێ لەسەر ئەو ڕاستییەش دادەگرێ کە «.... زەبرو زەنگ مامانی مێژووە،» چەوساوەکان تا سەر مل بۆ زەبرو زەنگ نەوی ناکەن و زەبرو زەنگ تەقینەوەی بەدواوەیە و ئەی بە زەبرو زەنگ لە چەوساوەکان داگیرکراوە، تەنیا بە زەبرو زەنگیش دەستیان دەکەوێتەوە. زەبرو زەنگ فەرەیدوون بەگی دڵڕەق و دڕەندە وا لێ دەکات بڵێت: «وەیسە تۆ کوڕو برامی، من کردم تۆ نەیکەی، من ماڵی دنیام بۆ چییە، گیانیشم هی تۆیە.»

لە چیرۆکی «هێلکەی هادی خانی»یشدا، کاتێ خزمەتکارێکی خان سووکایەتی بەدایکی ئاوڕەحمان دەکات، ئەویش خوێنی دەکوڵێت و بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە ڕوو دەکاتە ماڵی خان، خان بەخت یاری دەبێ و لەوێ نابێ، ئەوڕەحمان تا دەتوانێ خزمەتکارەکە دارکاری دەکات، دواتریش کە ژاندارم دێن بیگرن، خۆی بەدەستەوە نادات و هەڵدێ.

لە چیرۆکی «خەملێ پەمۆ»یشدا کاتێ سۆفی نامیق هەست دەکات، زۆراوبەگ دەیەوێ بەرهەمی ڕەنجی ساڵێکی خۆی و خێزانی زەوت بکات و شێخیش ئەو تالانکردنە ئاشکرایە بە قەزاو قەدەر لێک دەداتەوە مل نادات و دەڵێ: «هەزار قەزاو قەدەر بێ، پەمگی خۆمی نادەمێ.» لە چیرۆکی «تاج و تەختی کوێخا هۆمەر»یشدا ئەوە دەردەکەوێ کە چەوسێنەران بە زەبرو زەنگ دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە. بۆیە تەنیا لەو ڕێگەیەوە سەریان پێ نەوی دەکرێ. مەحاڵە چەوسێنەران ئەوی بە زەبرو زەنگ دەستیان بەسەریدا گرتووە بە ڕێگەی هێمن و نەرم و نیان دەستبەرداری بن! کاتێ کوێخا هۆمەر یاخی دەبێت و دەست دەداتە چەک، ژاندارم، ئەو دەزگا سەرسەختە سەرکوتکەرەی ڕژێم، ناچار دەبێ داوای وتووێژی لێ بکات و گوێ بۆ داخوازییەکانی بگرێ! وەک دەردەکەوێ زۆربەی قارەمانەکانی

www.kurdistannet.org

قزڵجی خەڵکانی چەوساوەن، بەڵام وایان نیشان نادات، کە هەر چەوساوەن و هیچی دی، کە بەو چەوساندنەوەیە قایلن، بەڵکو بەشێکیان وا نیشان دەدات کە هەست بەو چەوساندنەوەیەی دووچاریان هاتووە دەکەن، ئەم هوشیارییەیش بەرەنگاربوونەوەو رێوشوێن دانان بۆ رزگار بوونی لە دوایە.

لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەک کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئافرەت پاشکۆی پیاوەو لەسەر شانۆی ژیاندا رۆڵێکی لاوەکی دەگێڕێ. ئەم راستییە لە چیرۆکەکانی «پێکەنینی گەدا»یشدا رەنگی داوەتەوە.

«نوشتەکەی ئامینە خان» تاقە چیرۆکی قزڵجییە قارەمانە سەرەکییەکەی ئافرەت بێ. نووسەر وەک لە نیشاندانی ناخی پیاوی چەوساوەو چەوسێنەری کۆمەڵگەی کوردەواریدا، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بە هەمان تواناوە مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتی کوردیشدا کردووە. ئەگەرچی خوێنەر لە دوا دێڕەکانی «نوشتەکەی ئامینە خان»دا، سەرەتا بزە سەر لێوی دەگرێ، بەڵام دواتر کە لە ژیانی ئامینە خان ورد دەبێتەوە، هەست دەکات ئافرەت لە کوردەواریدا لە دۆزەخێکی راستەقینەدا دەژی و سەدان کۆت و زنجیرو پێوەند کراونەتە گەردن و دەست و لاقی هیواو تاسەو ئارەزووەکانی.

لە چیرۆکی «نە دیداری حاجی نە خەوی مزگەوت»دا، خەزاڵ ژنە جووتیارێکە، دڵسۆزی مێردەکەیەتی و هەموو توانای خۆی لە پێناوی خۆشی ویدا دەخاتە گەڕو هاوڕێ و هاوسەری تەنگانەیەتی، بەڵام بایزی مێردی هەر کە گیرفانی گەرم دادێ، بێ یەک و دوو ژنی بەسەر دێنێ، ئیدی خەزاڵ بەیەکجاری ژیانی لێ تاڵ دەبێ. لە کوردەواریدا پیاو بۆی هەیە لە ژنێک زێتری هەبێ! ئەمەیش دیاریی ئایینی ئیسلامە بۆ ئافرەتی کورد و یەکێکە لەو نەنگییانەی بە هیچ پاساو نادرێ! لە کوردستاندا بیروباوەڕی ئیسلام بەشێکی گرنگ لە ئایدیۆلۆژی چینی دەرەبەگ پێک دەهێنی و چەکێکی بەکارە بۆ چەوساندنەوەی زەحمەتکێشان. مەلای گوند کە نوێنەری ئەو باوەڕەیە، ئایین لە بەرژەوەندی دەرەبەگ دەخاتە گەڕو هەمیشە ئەو قەوانە لێ دەدا، گەورە و بچووک، ئاغا و نۆکەر، شێخ و مسکێن، هەر بووەو هەر دەشمێنێ.

قزڵجی لە چیرۆکی «خەملی پەمۆ»دا بە ساکارییەکی قووڵەوە باس لەوە دەکات، چۆن دیوەخان و خانەقا، بەگ و شێخ، بۆ زەوتکردنی بەرهەمی ئارەقەی نێوچاوان و هێزی بازووی جووتیار پشتی یەکدی دەگرن. شێخ وەک نووسەر نیشانی داوە، بەڕووکەش پیاوی خوایە و دۆستی لێقەوماوانە، بەڵام لە کرۆکدا دوژمنێکی سەرسەختی هەژارانەو نەک هەر خۆی تاڵانیان دەکات، بەڵکو دەست درێژییەکانی بەگیش پەردە پۆش دەکات و فام و بیری بۆ گێلکردنی چەوساوەکان دەخاتە کار.

*    *    *

لە سەرەتای ساڵانی حەفتا بە دواوە گەلێ شێوە تەکنیکی نوێ لە چیرۆکی کوردیدا سەریان هەڵدا. حوسێن عارف لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لە ژێر ناونیشانی «شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵانی دوای حەفتادا (٣)» بڵاوی کردەوە، باسی ئەو تەکنیکە نوێیانەی کردووەو نموونەشی لەسەر هەر یەکێکیان هێناوەتەوە. ئەو قۆناغەی قزڵجی چیرۆکی تێدا نووسیوە، چیرۆکنووسانی کورد بەگشتی پشتیان بە وەسف و گێڕانەوەو دیالۆگ بەستووە، ئەویش هەر وای کردووە.

شەپۆلی هۆش، وەک رێبازێکی نوێ، بۆ نووسینی چیرۆک و هەموو ئەو شێوە تەکنیکیانەی لەو رێبازەوە سەرچاوە دەگرن، لە مێژە چیرۆکنووسانی ئەوروپا، وەک ڤیرجینیا وۆڵف و جێمس جۆیس و فۆکنەر، مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، چیرۆکی کوردیش لە ساڵانی حەفتاوە کەم و زۆر سوودی لەو شێوە تەکنیکە نوێیانە وەرگرتووە، کە چیرۆکنووسانی ئەوروپا دایان هێناوە. هەر لە مەنەلۆگ و تەداعی و بڕین و پاش و پێشخستنی کاتەوە تا روانین لە روانگەی جیاوازەوەو پەنابردنە بەر زێتر لە گێڕەرەوەیەک.

یەکێک لەو دیاردانەی کە لە چیرۆکی نوێدا سەری هەڵداوە: بەگەڕ خستنی سیمبۆل و سوود وەرگرتنە لە ئەفسانە و داستان. دەشێ یەشار کەمال و مارکیز لەم بوارەدا وەک دوو کەڵە نووسەر، ئاماژەیان بۆ بکرێ، چیرۆکنووسی کورد لەم رووەشەوە لە ئەزموونی ئەدەبی گەلان بەهرەمەند بووە.

کۆنترین شێوە تەکنیک بۆ نووسینی چیرۆک، گێڕانەوەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەو شێوە تەکنیکە لە کەڵک کەوتووەو ناکرێ سوودی لێ وەربگیرێ. سەرکەوتووترین شێوە تەکنیک بۆ ناساندنی ناخی قارەمان و دەرخستنی سەرجەمی خولیاو ئارەزووەکانی مۆنۆلۆگە، بەڵام چیرۆکنووسی بەتوانا دەشێ لە رێی وەسفیشەوە بتوانێ بە ناخی قارەمانەکەیدا شۆڕبێتەوە، یان گێڕانەوە بکاتە ئاوێنەیەک و هەموو رووداوەکانی تێدا نیشان بدات، نووسەر دەشێ دەستبەرداری گێڕانەوە ببێ، بەڵام وەسفکردن لەوە دەچێ تا چیرۆک بنووسرێ سوودی لێ وەربگیرێ.

لە هەموو چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا)دا چیرۆکنووس بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، ئەمەش کارێک دەکات خوێنەر هەمیشە هەست بە بوونی نووسەر بکات و ئەوە بزانێت کە ئەوی دەیخوێنێتەوە دەشێ رووی نەدابێ، بەڵکو هۆنرابێتەوە. گۆتە دەڵێ: «کام خوێنەر پەسەند دەکەم؟ ئەوی من و خۆی و هەموو جیهانی بیر دەچێتەوەو تەنیا لە نووسینەکەمدا دەژی. (٤)» کە نووسەر خۆی گێڕەرەوە بوو، ئەمە بواری ئەوەی بۆ خۆش دەکات، زوو زوو یان ناو بە ناو راستەوخۆ خۆی لە رووداوەکان هەڵبقورتێنێ و بیروڕای خۆی بسەپێنێ. ئەمەش یەکێکە لە کەموکورییەکانی ئەو شێوە گێڕانەوەیە ئەگەرچی نووسەری لێهاتوو دەتوانێ هونەرمەندانە سوود لەو شێوە گێڕانەوەیەش وەربگرێت و خوێنەر وا لێ بکات بە پەرۆشەوە دوای رووداوەکە بکەوێت. داڕشتنی سەرەتای چیرۆک، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، نووسەری بەتوانا بەشێوەیەک رووداو دەگێڕێتەوە، خوێنەر نەک لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بێزار نابێ، بەڵکو بە پەرۆشەوە شوێن رووداوەکە دەکەوێ. زۆربەی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا ئەوەندە هونەرمەندانە چنراون، خوێنەر تا دوا دێڕ دەستبەرداری چیرۆکەکان نابێت، دێڕ بە دێڕ، هەنگاو بە هەنگاو بە تاسەوە دوای گێڕەرەوە دەکەوێ.

وەک وتم قزڵجی پەنای بۆ وەسف و گێڕانەوەو دیالۆگ

www.kurdistannet.org

بردووە، بەڵام چونکە وەستایانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو شێوە تەکنیکانەدا کردووە، توانیویەتی ئەوی دەینووسێ شێوەی چیرۆکی هونەریی پێ ببەخشێ.

قزڵجی لە وەسفکردنی ڕۆژێکی ژیانی حەمەڕەش-ی قارەمانی چیرۆکی (پێکەنینی گەدا)دا دەنووسێت: «ڕۆژێکی زۆر تۆف بوو، بە باوە کرێوەی دەکرد، کەس نەیدەتوانی ماڵەو ماڵ بکا، حەمەڕەش تا چێشتانێ سەبری کرد بەشکم نەختێ هەوا خۆش بێ، بەڵام گڤە گڤی با تا دەهات توندتر دەبوو، کلووە بەفری گێژو خول دەداو دەیکرد بە کونی تونەکەدا، دەتگوت لە عاسمان هەرەوەزیان کردووەو بەفر هەڵلاجی دەکەن.»

بەم جۆرەش ژیانی ڕۆژانەی (مەلا جەلال) کە یەکێکە لە قارەمانەکانی چیرۆکی «خەملّی پەمۆ» دەگێڕێتەوە: «مەلا جەلال ئەگەر نوێژ کالاّ بووایە، دەکرا بلّێین کرێکاری دینی بوو، مانگی بە پێنج دینار بۆ پێش نوێژی بەکرێ گیرا بوو، وەک کرێکاری دەستەمۆ کە چاوی لە دەستی خاوەن کار بێت و وریای وەخت و کاتی کارەکە بێ، گوێی لەوە نەبوو کەس هەیە لە پشتیەوە نوێژ بکات یان نا، لەگەڵ دەنگی بانگەکە، دەخزا میحرابەکە.»

قزڵجی وەک چۆن لە وەسفکردن و گێڕانەوەدا، چیرۆکنووسانە ڕەفتاری کردووە، بە وریاییەوەدیالۆگیشی دارشتووە، گفتارەکان لە قسەی قارەمانەکان دەچن و بە پێی پێویستن، ڕستەکان کورت و چڕن و درێژدادڕییان پێوە دیار نییە. «کەشکۆڵی جادوویی» تاکە چیرۆکی قزڵجییە کە تێیدا ئەفسانە بە واقیعەوە گرێ دراوە. چیرۆکەکە سەرەتا لە هەموو ڕوویەکەوە ڕیالیستە و تیشک هاوێشتنە سەر ئەو کوێرەوەرییەیە کە هەژارانی لادێ تووشی هاتوون، دواتر وەیسەی قارەمانی چیرۆکەکە، لەسەر کانییەک پیرەمێردێکی لێ پەیدا دەبێ، سەرهەڵدانی ئەو پیرە ئەفسانەییە لە ناکاوو ڕێکەوت نییە، بەڵکو سەرکەوتووانە زەمینەی بۆ خۆش کراوەو خوێنەر تووشی سڵەمینەوە نابێ.

قزڵجی لەو چیرۆکەیدا سوودی لە میتۆلۆژیا وەرگرتووە، ئەوی پێویستە وەک لایەنێکی گەش بۆ چیرۆکنووس تۆمار بکرێ ئەوەیە، توانیویەتی لە پێناوی گەشەدان بە واقیعدا، سوود لە ئەفسانە وەربگرێ، ئەمە جگە لەوەی لە چیرۆکی کوردیدا هەر لە سەرهەڵدانییەوە تا ساڵانی حەفتا، هیچ چیرۆکنووسێکی کورد ئەوەندە سەرکەوتووانە ئەفسانەی تێکەڵی واقیع نەکردووە.

ئەو پیرەمێردە ئەفسانەییەی (حەسەنی قزڵجی) خوڵقاندوویەتی، هەڵگری بیرێکی ڕۆشنە، دەیەوێ کەس بەری ڕەنجی کەسی دی نەخوا، تەنیا ڕێگەش بە پێی بۆچوونی پیرە بۆ دەرباز بوون لە کۆیلەیی پەنا بردنە بەر زەبرو زەنگە. وەک دەردەکەوێ ئەو پیرەمێردە، سیمبۆلە بۆ بزووتنەوەی لە وەستان نەهاتووی زەحمەتکێشان.

هەموو چیرۆکنووسانی جیهان، کەم و زۆر، بەسەرهاتی ژیانی خۆیان بەبەرهەمەکانیانەوە دیارە، ڕۆمانی «کوڕی کارەکەرەکە»ی ئۆگۆسترێندبێری ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسەرەکەیەتی، بەڵام سترێندبێری وەک هەر کەڵە نووسەرێکی دی نەهاتووە باسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی بکات، بەڵکو لە کەرەسەی ژیانی خۆی تەلاری بلّندی ڕۆمانێکی بنیات ناوە. ئەوی مێژوو بنووسێتەوە، کە باسی کەسێک دەکات، تەنیا مەبەستی ئەو تاکە کەسەیە، بەڵام چیرۆکنووس کە باس لە تاکە کەسێک دەکات، ئەو تاکە کەسە، ئینسانێکی ڕاستەقینەی دیاریکراو نییە، بەڵکو نموونەی چینێک یا توێژێکە، هەموو خەسڵەتە گرنگەکانی ئەو چینە لەو قۆناغە دیاریکراوەدا لەو تاکە کەسەدا ڕەنگ دەدەنەوە. واتە چیرۆکنووس پێوەندی دیالێکتیکییانەی نێوان تاک و گشتی لەبەرچاوە. مێژوونووس کە باس لە ڕووداوێک دەکات وەک خۆی دەینوسێتەوە، بەڵام چیرۆکنووس خەیاڵی خۆی تێکەڵ ڕووداو دەکات و وای دەگێڕێتەوە کە خۆی دەیەوێ نەک کە ڕووی داوە. ئەمە وەنەبێ ئەو واتایە ببەخشێ کە چیرۆکنووس پێی لە زەمینەی واقیع ببرێ.

سەرچاوەی چیرۆکەکانی قزڵجی ژیانی کۆمەڵگای کوردەوارین. هەموو ئەو بەسەرهاتانەی هەوێنی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدان، یان لە ڕاستیدا ڕوویان داوە یان ڕێی تێدەچی ڕوویان دابێ و ڕووبدەن. هەندێ لە چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا) زادەی ئەزموونی ژیانی حەسەنی قزڵجین و نووسەر خۆی لەناو جەرگەی ئەو ڕووداوانەدا ژیاوە.

«خەملّی پەمۆ» بەرهەمی ئەزموونی ئەو ماوەیەیە نووسەر لە هەڵەبجە لە خانەقایەکدا گیرساوەتەوە، (هێلکەی هادی خانی)ش زادەی سەفەرێکی ڕاستەقینەی نێوان سنەو کرماشانە، (عادەتی بازاڕ)و (سەرفیترە)ش ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی نووسەرن کە میرزایی و بەردەستی بازرگانانی کردووە، (٥) تەنانەت خوێنەر لە هەردوو چیرۆکی «عادەتی بازاڕ»و «هێلکەی هادی خانی»دا نووسەر دەناسێتەوە، لە یەکەمیاندا میرزایەو لەوی دیدیاندا کادرە هەڵاتووەکەیە.

قزڵجی لە «عادەتی بازاڕ» و «خەملّی پەمۆ»دا توانیویەتی ئەزموونی خۆی لە دوو چیرۆکی هونەریدا بەرجەستە بکات، بەڵام لە «هێلکەی هادی خانی»دا لە لایەکەوە ڕووداوەکە وەک مێژوونووسێک دەگێڕێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە جێدەستی گێڕەرەوە، واتا نووسەر، بە زەقی بە چیرۆکەکەوە دیارە ئەم دوو کەلێنە لە چیرۆکی «تاج و تەختی کوێخا هۆمەر»یشدا بەدی دەکرێن.

قزڵجی لە چیرۆکی «تاج وتەختی کوێخا هۆمەر»دا نووسیویەتی: «کاحسێن بە تکای قازی عەلی باوکی قازی محەمەدی شەهید ڕزگاری بوو، کە لەشکری ڕووسی قەیسەری هات و لەشکری عوسمانی شکاند، ڕۆژێک کاحسێن بۆ کاری باپیراغا دەچووە سابڵاغ، لە ڕێگە تووشی دەستەیەک ساڵداتی ڕووسی بوو ساڵداتەکان کە بۆ کابرایەکی دیکە دەگەڕان بە هەڵە کاحسێن- یان گرت و لەگەڵ دیلی دیکە نێردرا بۆ قەفقاز، تا لە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەردا بەربوو، هاتەوە.»

ڕاستگۆیی لە نووسینی چیرۆکدا بریتی نییە لە کۆپی کردنی ڕووداوە مێژووییەکان و گێڕانەوەیەکی تووتی ئاسای واقیع، بەڵکو بەرجەستە کردنی ئەو ڕاستییەیە کە واقیع هەمیشە لە گەشە کردندایە و لافاوی گۆڕان بەربەستەکان ڕادەماڵێ، ئەمەیش بە شێوەیەکی هونەری و دوور لە زمانی گوتار نووسین. لە چیرۆکی «شەهیدی زوڵمە»شدا دەست تێوەردانی

www.kurdistannet.org

ناهونەرییانەی نووسەر بە زەقی بەدەقەکەوە دیارە، بەتایبەتی قسەی مجێورەکە کە لە قسەی خۆی ناچن: «بەڵێ مام حاجی تەرمەکە خوێ بکەم بۆگەن نەکا، تا بازاڕت دەبێ، ئەوسا بێمەوە خزمەتت، تف لە خۆت و پارەشت، بۆچی مردووش کالاّو کوتاڵە ئیحتیکار بکرێ!»

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی گی دی موپاسان لەوەدا خۆی دەنوێنێ، بە جۆرێ کۆتایی بە چیرۆک دەهێنێ کە خوێنەر چاوەڕێی ناکا، ئەم شێوازە نووسینە بە گەلێ لە چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدایشەوە دیارە، وەک: نوشتەکەی ئامینە خان، قورئان خوێندن لە جیاتی بەرتیل، چای دیوەخان، ئەمیش لایەنێکی گەش و خاڵێکی بەهێزی شێوازی نووسینی قزڵجییە.

نووسەر لەبەرئەوەی شارەزاییەکی چاکی لە کەلەپووری کوردیدا هەبووە، لە چیرۆکەکانیدا زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ پەندی پێشینان و قسەی بەجێ دا کردووەو لە کات و شوێنی خۆیاندا بەکاری هێناون. بەسەر زمانی کوردیشدا زاڵ بووەو چیرۆکەکانی بە زمانێکی ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ و پاراو نووسیوە، هەروەک نموونە لە «نوشتەکەی ئامینە خان»دا دەڵێ: «ئامینە خان وەک جوان نەبوو، ئەوەندەش دزێوو ناشیرین نەبوو کەس نەیخوازێ؛ لەتافی جوانی و نوخشەی پێگەیشتنیدا کەڵەگەت و پانوپۆرو بالاّیەکی ڕێکوپێک و لەش و لارو داروبارێکی باشی هەبوو (٦)، بەلاّم دیارە بۆرە پیاوو کورە وەرزێر هاوشانی ئەو نەبوون و داواکاری دیکەشی نەبوو، لەبەر ئەوە مابۆوە.»

ئەوی دەسەلاّتی بەسەر زمانێکدا نەشکێ، ناتوانێ وێنەی شیعریی دابهێنێ و قسەی بە توێکڵ بکات و پەی بە نهێنیی وشە ببات: «دەتگوت لە عاسمان هەروەزیان کردووەو بەفر هەللاجی دەکەن.

- پێکەنینی گەدا - ئەفەندی دەمی وەک مەشکەی کۆن تەقی و نەڕاندی. - عادەتی بازاڕ.

- ئەو ڕۆژە نیو گەز وەک مقاشی هاوین لەولاوە کەوتبوو، تەرازووش مریشکە بە کورکت تێدا بنایەتەوە.

-تاج و تەختی کوێخا هۆمەر.» وەک بەو نموونانەوە دیارە حەسەن قزڵجی کوردیزان بووە، بەلاّم ئەمە ناکاتە ئەوەی کە پێکەنینی گەدا لە بارەی زمانەوە لوتکەی ئەدەبی کوردی بێ، (٧) وەک کەریمی حیسامی وتوویەتی. دەشێ ئەو پێشەکییەی هێمن بۆ «تاریک و ڕوون»ی نووسیوە، یا ئەو زمانە بێ وێنەیەی شاسواری گۆڕەپانی زمانی کوردی شوکر مستەفا پێی دەنووسێ، وەک لوتکەی زمانی ئەدەبی کوردی ئاماژەیان بۆ بکرێ، بەلاّم قزڵجی هەندێ جار دووچاری غەفڵەت هاتووە، لە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»دا نووسیویەتی: «کوتوپڕ بە شێنەیی سەری هەڵهێنا.» یان لە «هێلکەی هادی خانی»دا دەڵێ: «دارو درەخت وەک دۆستانی بە ئەمەک و هاوبیر سەریان بەسەر یەکەیەوە نابوو دەتگوت ڕازو نیاز دەکەن.... دەتگوت.... وەک دەوڵەمەند و خوا پێداوەکان لەسەر شانۆی کابارەکان سەما دەکەن و ئاگایان لە دەردو مەرگی کەس نییە.» لە کاتێکدا ویستوویەتی بە زمانێکی شیعریی قسە بکات، بەلاّم یەک شتی دیاریکراوی «دارو درەخت» بەدوو شتی جیاوازو دژ بەیەک «دڵداری بە ئەمەک، دەوڵەمەندی دڵڕەق» چواندووە. هەندێ جاریش (وە)ی بەکارهێناوە: «بازی دەبرد بۆ لای ڕەشید ئاغا وە خشپەی پێی نەدەبیسترا،» (٨) یا لەیەک تاکە پەرەگرافدا جارێ فرمانی ڕانەبردووی بە پێشگری (ئە) و جارێکی دی بە (دە)ی نووسیوە: «دەبن، ئەحەسێنەوە.» (٩) لەگەڵ ئەم چەند سەرنجەشدا هێشتا بە گشتی پێکەنینی گەدا بە زمانێکی ڕەوان و پاراو نووسراوە، ئەمە جگە لەوەی ئەوی سەرنجی نووسینەکانی سالاّنی حەفتای قزڵجی بدات دەزانێ زمانی نووسینی وی بەردەوام لە گەشەکردندا بووە.

لە کۆتاییدا دەستی ڕێز بە سنگەوە دەگرم و دەنووشتێمەوەو چەپکە گوڵی ئەمەک و خۆشەویستی لەسەر گڵکۆی پیرۆزی شوێن بزری چیرۆکنووسی بەتوانای کورد حەسەنی قزڵجی دادەنێم.

**کۆتایی ئابی ١٩٩٠**

## پەراوێزەکان

..........

**١- ئەحمەدی شاملو، تاشکۆفەی سووری کراسێک، وەرگێڕانی ناسری حیسامی، ل ١٤، ئینتیشاراتی پویا.**
**٢- چیرۆکی عادەتی بازاڕ، ل ٢٨، پێکەنینی گەدا.**
**٣- ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٣.**
**٤- بیلنسکي. نصوص مختارة، ترجمة، یوسف حلاق، ص ٤٨، دمشق ١٩٨٠.**
**٥- کەریمی حیسامی، شەهیدی نەمر حەسەنی قزڵجی، پەیڤ ژ ٣، ١٩٨٦ لەندەن، ل ٣٠٧.**
**٦- لە کوردەواریدا قەساب چۆن بۆ مەڕ دەڕوانێ، پیاویش لە هەمان ڕوانگەوە سەرنجی ئافرەت دەدا.**
**٧- پەیڤ. ژمارە ٣، ل ٣٠٧.**
**٨- پێکەنینی گەدا، ل ١٥.**
**٩- هەمان سەرچاوە.**